گەشتێک بە ناو مێژوو،بەڵگەنامە،شوێنەوار

لێدوانی:عەباس سلێمان سمایل

گەشتێک بە ناو مێژوو ،بەڵگەنامە ،شوێنەوار، ناوونیشانی هەڤپەیڤێنێکی فراوانە بەرێز ئازاد عەبدولواحید لەگەڵ بەرێز عەبدولڕەقیب یوسف ئەنجامی داوە، ئەو بوارانە دەگرێتەوە کە مامۆستای بەرێز خەباتی بۆ دەکات و لە پێناویا هەمیشە ماندووەو رەنجی بۆ دەدات. من کە لە هەشتاکان ئاشنابووم بە نووسینەکانی ئەم بەرێزە بە تایبەتی بەرگی یەکەمی دەوڵەتی دۆستەکیەکەی دوای تەواوکردنی وێڵی بەرگی دووەمی بووم، دواتر زانیم دوای لە چاپدانی ئەم بەرگە حکومەت کێشایتیەوەو نەیخستۆتە بەردەست ،نووسەریش توانیبووی دەوروبەری پەنجادا نەیانی لێ وەدەست کەوێ،خۆشبەختانە دانەیەک لەمانەم کەوتە دەست، دوای ئەوەی ئەم بەرگەشم خوێندەوە، مانووبوون و خەباتی نووسەرم بۆ دەرکەوت کە لەم رەوش و بارو دۆخی نالەباری ئەوکات بەرێز عەبدولرەقیب یوسف چ خەباتێکی کردووە بۆ نووسینی ئەم پەرتووکە.

ئیتر مامۆستای بەرێز وەک خۆبەخت کەرێک و دڵسۆز و وەفاداریەک بۆ کلتووری کوردو خۆ بە خاوەن زانینی ئەم میللەت و خاکە بەردەوام لە خەبات دابووە لە پێناو پاراستنی کلتووری کوردی وەک کۆکردنەوەی دەستنووس و بەڵگەنامەکان و لەسەر نووسین و وێنەگرتنی شوێنەوارە دێرینەکان.

(ناوەرۆکی پەرتووکەکە)

پەرتووکەکە بریتیە لە (136)لاپەرەو (28)لاپەرەی تایبەتە بە دەقی چەند بەڵگەنامەیەک و چەند وێنەیەکی دیرۆکی، کە لە ساڵی (2005)لە چاپخانەی پەروەردەی شاری هەولێر روناکی چاپی بینیوە.

هەڤپەیڤێنەکەش بواری شوێنەوارو بەڵگەنامەو کەلەپوورو فۆلکلۆرو مێژوو و ورەخنەگرتی لە ژمارەیەک مێژوو نووسان و پێشنیارکردنی چۆنیەتی پاراستنی بەڵگەنامەو نووسینەوەی مێژوو بە شێوەیەکی راست و پاراستنی شوێنەوارەکان و نۆژەنکردنەوەیانی گرنۆتەوە .

ئیتر مرۆڤ لە خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە خەبات و ماندووبوونی بەردەوامی (46)ساڵەی نووسینی ئەم مێژوونووسەو کەلەپوور پەروەری بۆ روون دەبێتەوە کە بەردەوام لە کێشەو زۆرانەدابووە لەگەڵ بەرپرسانی حکومەتی لەکاولکاری خانوو نەخشی و نیگارو شوێنەوارە دێرینەکان و پاراستنی بەڵگەنامەو هەڵگرتنیان، هەمیشە وێڵ بوو بە دوای ئەم بوارانە، زۆر جاریش دەچووە پارچەکانی دیکەی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە، تا لە ئەنجام دا توانی بە دەیان بەڵگەنامە لە فەوتان رزگار بکات و چەندین خانووبەری دێرین لە رووخان بپارێزێت و بە هەوڵ و تێکۆشانی لەگەڵ حکومەت و کرینەوەی و خستنەسەر بەرتوبەرایەتی فەرمانگەی کلتووری،هەروەها توانی دەیان بابەت لەسەر ئەم بوارانە بنووسێت و چەندین پەرتووکیش لەم بوارانە چاپ بکات. هەڵبەت ئەمەش جێی شانازیە کە میللەتی کورد رۆشنبیری لەم جۆرەی هەبێت و هیوای بەردەوامی سەرکەوتنی بۆ دەخوازین و دەست خۆشیش بە بەرێز ئازاد عەبدولواحد دەکەین بەم هەڤپەیڤینە چڕو پڕەی کە لەگەڵ ئەم بەرێزە ئەنجامی داو نووسەری زیاتر بە خوێنەران ناساندو ئاگاداری کردنەوە لە کارو کردەوەکانی. هیوادارم خوێنەران بە خوێندنەوەی ئەم پەرتووکە سوود لەبیرو بۆچوونەکانی مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف وەربگرن لە نووسینی مێژوو و پاراستنی لەڵگەنامەکان و گرنگ دانە بە شوێنەوارە دێرینەکان.

کوردێکیش شازادەی تیا هەڵکەوت!

عەباس شوان-فینلاند

شاری لاهتی **Lahti** بەدووری **110**کم دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای پایتەختی فینلاند هێلسنکییەوە، بەشی کلتووری ئەم شارەوانییە بۆ دە ساڵ دەچێت، مانگی هاوین کە دەکاتە مانگی حوزەیرانی خۆمان، بەرنامەی هاوینەیان بە ئەنجامدانی کارێکی هونەری کۆتایی پێدەهێنن. چەند مەبەستێک لە پشت چالاکیەکیەدایە، یەکێ لەوانە هەلی کارکردن بۆ ماوەی مانگێک بەلایەنی کەمەوە بۆ خوێندکاران دەڕەخسێنێت.دەستنیشانکردن ی تیمی کارەکە لەڕێی هەڵبژاردن و ململانێوە دەبێت، بۆ نموونە ئەمساڵ لە سێ سەد و پەنجا کەس تەنها بیستیان بەختیان یار بوو.

کاردۆ عەباس شوان، وەک گەنجێکی کورد لەو تاقی کردنەوە دەرچوو، لەبەر ئەوەی سەماکەرێکی باش (**Hip Hop**) بوو، لە ئاستی شارەکەی خۆیدا چالاک و ناسراوە، دیارە سەر رەشیشی و بێگانەیی بوونی دەوری لە پەسەند کردنیدا بینیوە، هەروەک سەرپەرشتیاری کارەکە درکاندنی هەڵبژاردنی کاردۆ پەیوەندی بە تێکستەوە هەبوو. تێکستی نمایشەکە، یەکێکە لەو چیرۆکانەی برایانی گریم کە لەزاری خەڵکی ئاسایی کۆیان کردۆتەوە، بەر لە چەند ساڵ عەزیز گەردی بەناونیشانی چیرۆکی گوێ ئاگردان یان بەر ئاگردان لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕابووە بۆ کوردی. وەرگێڕە فینلاندییەکان ناونیشانی چیرۆکەکەیان بە پرینسیسا رووسونێن (**Prinsessa Ruusunen**) داناوە، بە کوردی دەکاتە پرینسیسا= کچەشازادە، رووسوونێن= سورە گوڵ یان گوڵەباخ، ئیتر نازانم لەوەرگێڕانە کوردییەکەدا بووە بەچی؟

دوای کۆتایی هێنانی پرۆژە وەک دەرهێنەرەکەی گوتی:

کاردۆ عەباس

بەهۆی باشی و چالاکی تیمەکەوە تەنها شەش رۆژی خایاندووە و کارەکە گەلالە بووە، بەرنامەکە وا دانرابوو، سەرەتا دەبێت لە سێ شارۆچکە.

Nastola ناستۆلا **6/21** **H ollola** هۆلۆلا **6/27**، **Asikkala** ئاسیکالا **2006/6/28**. لە هەر یەکە لەو شارانە دوو جار لە دوو کاتی جیادا پێشکەش بکرێت، ئینجا ناوەندی شار و لەنێو گۆڕەپانی فەرمانگەو بینایەی شارەوانی لاهتیدا کە زیاتر لە قەڵایەکی کۆن دەچێت، لە رۆژی **2006/7/ 7-3** رۆژانە سێ جار لەسەر شانۆیەکی گەڕۆک نمایشیان دەکرد.

شانۆگەرییەکە یەک دەمژمێر و نیوی خایاند، بە تێکەڵ بوونی گرووپی چەند نەفەری ئەکتەران بۆ ماوەی نیو دەمژمێر لەگەڵ منداڵان دەست پێدەکات، ئەوەش بەخاتری ئاشنابوونی زیاتری کەسایەتییەکانی کارەکە.

پوختەی چیرۆکەکە لە کۆشکێکدا شاو شاژن دەبێت، منداڵیان نەدەبوو، شاژن بەرێکەوت یارمەتی بۆقێکی جادو گەر دەدات، لە بڕی ئەو چاکەیە دوعا دەکات خوا کچێکیان پێببەخشێت، شازادە زۆر بەناز پەروەردە دەکرێت، تا رادەیەکی بێزاری، وای لێدێت دەسەو دایرە و خەڵکی خۆزگە بخوازن ئەو کچە هەر نەبووایە باشتر بوو، فریشتەی شەڕ ئاگای لەو قسانە دەبێت لە تەمەنی **15** ساڵیدا و لەرۆژی لەدایکبوونیدا بێجگە لە فریشتەی شەڕ هەموو فریشتەکانی دی بانگهێشت دەکرێن، هەر یەکەیان سیفەتێکی پێدەبەخشێت، یەکێ لە گرنگترینیان نەمردنێتی، ئیتر لەو کاتەوە پرینسیسا رەوشتی چاک دەبێت و دەگۆڕێت، بەڵام فریشتەی شەڕ لە بۆسەدایە بۆ تۆڵەکردنەوە، رۆژێک فرسەت دەهێنێت لە شێوەی پیرەژنێکدا تەشییەکی ئەفسووناوی دەداتە دەستی، دەبێتە مایەی خەو پیاکەوتنی بۆ ماوەی سەد ساڵ.

فریشتەی خێر وازناهێنن، سەرەنجام پرینسێک بەناوی **Beckham** کە کاردۆ شوان دەورەکەی دەبینێ، دەدۆزنەوە رازی دەکەن بچێتە ناو کۆشکەوە و هەڵسێت بەکارێکی وا ببێتە مایەی تێکشکاندنی تەلیسمەکە، بەڵام کاردۆ رووبەڕووی **3** شەڕەنگێزی مەرجی فریشتەی شەڕ دەبێتەوە، سەرەنجام دەتوانێت بە شازادەی خەوتوو بگات و ماچی خۆشەویستی پێببەخشێت و لە خەوی درێژ رزگاری بکات، دواجار بۆ یەکتر دەبن. کە نمایشەکە تەواو دەبوو لەکاتی چوونە دەرەوەدا، بۆ هەر منداڵێک پەڕەیەکی وێنەی داریان پێدرا، بۆ ئەوەی وێنەکان وەک ئیشی دەست بەکاربهێنن و ببڕن، خۆیان دووبارە لە ماڵەوە چیرۆکەکە بگێڕنەوە.

1900 بیتاقە بە نرخی **5** ئێرۆیی فرۆشرابوو، لەسەرەتای دەستبەکاربوونیان کەناڵی تەلەفزیۆن و دوو رۆژنامەی پڕ تیراژی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کاردۆ وەک کەسی یەکەمی شانۆییەکە کردبوو. هەروەها لە رۆژنامەی شارۆچکەکان راپۆرتە هەواڵیان لەسەر بڵاوکردەوە. دەرهێنەر **Kari Kyllonen** بۆ خۆی یەکێکە لەئەکتەرە کۆنەکان و ئەزموونی **15** ساڵ دەوربینین هەیە، شێوازی کارکردنی زیاتر لە بەهەمەنی قوبادی دەچوو، بەوەی تیمەکەی تەنها دوانیان قوتابی شانۆ بوون، باقییەکەی بۆ یەکەمین جار بوو بچنە سەر شانۆ و رۆڵ ببینن.

چالاکی قوتابخانەکان خولێکی هاوینەی هونەری بۆ قوتابخانەکانی سەرەتایی دەکاتەوە

خەبات: فاتیح بەرزنجی

ساڵانە لە پشووی هاوینە چالاکی قوتابخانەکانی سەر بە بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر-یەک خولێکی هاوینەی لە بوارەکانی (مۆسیقا- شانۆ- شێوەکاری) بۆ قوتابیانی سەرەتایی لەمانگی تەمووزدا کردۆتەوە و تا رۆژی **2006/ 9/1** بەردەوام دەبێت و لە **3** بنکەدا وانەی هونەری دەکرێتەوەو تێیدا مامۆستایانی پسپۆڕ لە هونەرو مۆسیقاو شێوەکاری و شانۆ دەڵێنەوە بە مەبەستی بەسەرکردنەوەی ئەم خولە بەرێز مامۆستا عەبدولڵا سابیر بەرێوەبەری پەروەردەی هەولێر-یەک بە یاوەری بەرپرسی یەکەی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی سەردانی بنکەکانی خولی هاوینەی لە قوتابخانەکانی کاوە و ئەستێرەی سەرەتایی و قازی محەمەدی سەرەتایی کرد.

بەرنامەکارێکی هاوکاری لەنێوان مۆزەخانەکانی بەریتانیا و چین

هەردوو سەرۆک وەزیرانی چنی وین جیاباو و بەریتانی تۆنی بلێر لەگەڵ بەرپرسانی مۆزەخانەکانی هەردوو ولاتدا رێککەوتننامەیەکیان مۆرکرد بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی هاوکاری رۆشنبیری کە بەپێ رێککەوتننامەکە هەردوو ولاتەکە کەرەستە شوێنەوارەیەکان دەگۆڕنەوە لەم چوارچێوەیەدا ئەمینداری گشتی مۆزەخانەی بەریتانی ماک گریگۆر سەردانێکی شاری شەنگهای چینی کرد وەک خۆ ئاماوە کردنێک بۆ پێشانگایەک کە بریارە لەو شارەدا بەرێوە بچێت بەسوود وەرگرتن لە چەندین کارو کەرستەی مۆزەخانەی بەریتانی، کەپێشتریش لە ئاداری رابردوودا لە پەکینی پایتەخت دا پێشانگایەک بۆ کەرستەکانی مۆزەخانەی بەریتانیا بە بۆنەی تێپەربوونی **250** ساڵ بەسەر دامەزراندنیدا سازکرا. هەروەها گفتوگۆی دیکەش لە ئارادایە بۆ رێکخستنی پێشانگایەکی دیکە لە باڵخانەی مۆزەخانەی چینی لە پەکین کە سەدەی هەژدەهەم نیشان دەدات کە ئەو کات بەریتانیا وەک هێزێکی گەورەی جیهانی دەرکەوت. مۆزەخانەی بەریتانی هەوڵ دەدات سوپای چینی پێکهاتوو لە جەنگاوەرانی ئیمپراتۆری دروستکراو لە فەخفۆری بە دۆزراوە شوێنەواریەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت ئەگەر دەستەلاتدارانی چین رەزامەندیان لەسەر ئەم داواکاریەی بەریتانیاکان نیشان دا ئەوا ئەم کارە دەبێتە هاوشێوەی ئەو کارەی کە مۆزەخانەی بەریتانی لەساڵی **1972** دا کەرەستەو پاشماوەکانی تۆت عەنغ ئاتۆنی نمایش کرد. ئەمەو لەساڵی **1974** لەئەنجامی هەستانی کۆمەڵێک کشتیار بە هەڵکەندنی بیرێک ئەم جەنگاوەرانەو ئەسپەکانیان بە قەبارەی سروشتی خۆیان دۆزیەوە لەفەخفۆری دروستکراون جێی باسە لەساڵی **1985** یش لەبەریتانیا پێشانگایەکی بچووک بۆ جەنگاوەرانی دروستکراو لە قورسازکرا کە **200000** کەس سەردانی پێشانگاکەیان کرد. هەرچی ئەم سوپایەی چینی لە فەخفۆری دروستکراوە بووەتە جێی سەرنجی گەشتیارە بیانیەکان کە ساڵانە زیاتر لە دوو ملیۆن گەشتیار بۆ ئەو وڵاتە رادەکێشێت.

ئا:هێمن تاهیر

سەرچاوە: المدى
ژمارە 718
2006/7/13

نرخی خواردەمەنی:

یەک کیلۆ گۆشت بەرخ وگیسک **8000** دینار، یەک کیلۆ گۆشت مەر و بزن **8000** دینار، یەک کیلۆ گۆشت نەرمە **10000** دینار،یەک کیلۆ شەکر **1000** دینار، یەک کیلۆ رۆن **1500** دینار،یەک کیلۆ برنج **1000** دینار، یەک کیلۆ دۆشاوی تەماتە **1800** دینار، یەک کیلۆ مریشک **4.750** دینار، یەک دەسک سلق **500** دینار، یەک دەسک کەرەوز **250** دینار، یەک کیلۆ خیار **500** دینار، یەک کیلۆ مۆز **1500** دینار، یەک کیلۆ تەماتە **500** دینار، یەک کیلۆ پەتاتە **300** دینار، یەک کیلۆ باینجان **750** دینار، یەک کیلۆ کولەکە **500** دینار،یەک کیلۆ شووتی **400**، یەک کیلۆ ترێ **1000**،یەک گندۆرە **400** دینار، یەک کیلۆ تەرۆزی **500**، یەک کیلۆ ماستی مەڕ **2000**، یەک تەبەقە هێلکە **5000** دینار، یەک لیتر زەیت **1750** دینار.



ژمارەی تەلەفۆنە پێویستەکان

- **پایتەخت**

ئاسایشی هەولێر:(٢٢٢٥١٨٣-٢٢٢٠٢٣٠)
پۆلیسی فریاکەوتن:(١٠٤-١٢٤-١٣٤-١٤٤)
بەرێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ: (٢٢٣٠٢٩٢)
بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر: (٢٢٢٣٢٩٦٨)
دادگا:(٢٢٣٠٣٤٨)
ئاسایشی بەلدە:(٢٢٣٠١١١)
بنکەی ئاگرکوژێنەوە:(٢٢٢١٥٧٥)
کاروباری هەولێر:(٢٢٣٠١٩٢)
چاککردنەوەی کاروبا (صیانە):(٢٢٢٣٣٧٥)
چاککردنەوەی تەلەفۆناتی هەولێر: ٢٢٣٨٠٠١-٢٢٣٨٠٠٢-٢٢٧١٨٨٨-٢٢٥٣٣٣-٢٢٩٤٨٨٨
نەخۆشخانەی رزگاری:
(١٤٠-١٤١-٢٢٧١٥١٦-٢٢٧١٥١٨)
نەخۆشخانەی لەدایک بوون و منداڵان:
(٢٢٤٠٠٦٧- ٢٢٤٠٠٦٦ - ٢٢٢٢٤٦٥)
نەخۆشخانەی ئەمەل: (٢٢٦٢٦٥٧-٢٢٦٢٦٥٨)
نەخۆشخانەی فریاکەوتن:(١٢٢)
نەخۆشخانەی ئیمرجنسی:(٤٦٣٥-٢٤٩١١)
نەخۆشخانەی زانیاری:(٢٢٣٠٦٠٨)
نەخۆشخانەی رەسولی تایبەت:(٢٢٢٩٧١٤)
نەخۆشخانەی هەولێری تایبەت:(١٢٨-١٤٧)
نەخۆشخانەی کوردستانی تایبەت: (١٣٥-١٣٨)
نەخۆشخانەی کۆماری:(١٥٥-١٥٤)
نەخۆشخانەی ژینی تایبەت: (٢٢٣٢١٤٤)
نەخۆشخانەی سینگ:(٢٢٣٠٦٢٨)
نەخۆشخانەی نانەکەلی:(٢٥٤٨٣٠١)
یەکێتی نوسەرانی کورد:(٢٢٢٢٢٨٠)
وەزارەتی رۆشنبیری:(٢٢٧٢٧٩١)
هۆڵی میدیا:(٢٢٣٠٢٧٥)
هۆڵی رۆشنبیری:(٢٢٦١٥٩٧)
هۆڵی گەل:(٢٢٣٠٢٧٤)
هۆڵی زەرد:(٢٢٣٢١٧٣)
بنکەی رۆشنبیری کاوە:(٢٢٤٢٨٤٣)
زانکۆی سەلاحەدین: (٢٢٢٤١٢٢)
سەتەلایتی کوردستان: (٢٢٣١٩٤٧ پیرمام)
(٢٢٣١٧٠٤ هەولێر)
(موبایل -٤٤٥٤٠٠١)
زاگرۆس tV: ٢٢٢٥١٧٣-٢٢٣٠٩١١-٢٢٣٠٩٧٩
زانکۆی هەولێری پزیشکی ٢٢٧٣٣٨٤
رادیۆی دەنگی کوردستان:(٤٤٥٦٢٦٢)
رادیۆی دەنگی پێشکەوتن:(٢٢٣٠٦٩٥)
مەکتەبی ناوەندی راگەیاندن:(٢٢٣٠٢٢٨)
بگۆڕی شەقلاوە:(٠٦٦٧٢٥٢٠٠٠٠)
بگۆڕی سۆران: ٠٦٦٣٠٠٠٥١٦

- **دهۆک**

ئەفسەری نۆبەدار ٧٢٢١٧٠٨
پۆلیسێن هەوار هاتنێ ٧٢٢١٧٠٧-١٠٤
نەهێلانا گوناهباریا ٧٢٢١٦٨٢
بنگەهێ پۆلیسێن خەبات ٧٢٤١٥٨٠
بنگەهێ پۆلیسێن نەورۆز ٧٢٢١٥٥٣
بنگەهێ پۆلیسێن سەرهلدان ٧٢٢١٦٨٦

- **کەرکوک**

بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی کەرکوک:(٢١٢٤٤)
بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوت:(٢١٧١٩٥)
بنکەی پۆلیسی میقداد:(٤٦٢٨٦٥)
بنکەی پۆلیسی ئازادی:(٢١٢٠٦٩)
بنکەی پۆلیسی عەرەفە:(٢١٧٠٦٩)
بنکەی پۆلیسی رەحیماوە:(٢١٧٠٦٩)
بنکەی پۆلیسی قۆریە:(٢١٢٠٧١)
بنکەی پۆلیسی پیریادی:(٤١٩١٦٨)
بنکەی پۆلیسی داقوق:(٦٥٠٠٠٦)
بنکەی پۆلیسی دووبس:(٠٥٠٧-٣٢٠٠٧)
بنکەی پۆلیسی پردێ:(٠٥٠٦-٧٢٤٤٥)
نەخۆشخانەی ئازادی:(٢١١٦٢١-٢١١٦٢٢)
نەخۆشخانەی کەرکووک:(٢١٢٢٢٣)
نەخۆشخانەی منداڵان:(٢١٧٦٠١-٢١٧٦٠٢)
لقی ٣ پارتی دیموکراتی کوردستان:(٢٢٠٢١١)

- **سلێمانی**

ئاسایشی فریاکەوتن:(٣١٢٣٥٤٤)
ئاگر کوژاندنەوە:(٣١٢٠٩٧٠)
بەرێوەبەرایەتی ئاگرکوژێنەوە:(٣١٢٠٩٧٠)
بەرێوەبەرایەتی کارەبای سلێمانی:(٣١٣٠١٦٩)
بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی:(٣١٢٦٢٥٣)